حەیران چییە؟

ئەسعەد عەدۆ*

حەیران جۆرە مەقامو ئاوازێکی تایبەتە، ئاوازی شەشاڵی شوانەکانی دەشتو دۆڵو پاڵ شاخەکانی کوردستانە، ئەو دەنگە زۆڵاڵەی رەسەنی کوردە، ئەو پەخشانە رازاوەی سەروبن گرێدراوەیە، ئەو دەنگەی کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە جیهانی بەرفراوانو رەسەنی نەتەوەی کوردو بەئاسمانی کوردستان باڵەفرکێ دەکا.

ئەو ئاوازە پڕ لەسۆزو کاریگەرەیە کە ئێشو ئازاری شوانو گاوانو جوتیاری کورد لەیاد دەباتەوەو دەبێتە هەوێنی خۆشەویستی سەپانو گیشە کەری وڵات، سەرەڕای ئەوەی ئەو شوێنە دڵڕفێنانەی خاکی کوردستانو جێژووانی دڵداران دەست نیشان دەکا.. بەشۆخو شەنگو خانەدانێتی ئەو هۆزو عێلانەدا هەڵدەڵێو ژیانی ساکاری رابردوومان بەئێستای شارستانیەت دەبەستێتەوە.

حەیرانبێژ باسی ئەڤینیو داوێن پاکی دوو دڵداری کورد دەکا... ئەم باسەیش شۆخێکی نازدار لەهۆزەکەی وەیان لەگوندو ناوچەکەیان دڵی فڕاندوەو ماڵی باوکی ئەو شۆخە لەبەر ئەو هۆیە بێ، یان بۆ گوزەرانی ویستویانە هەواریان بگوازنەوە، لەناوچەکە بەدوور بکەونەوە، بۆیە ئەویش هانا دەباتە بەر برادەرەکانیو هەواڵی گواستنەوەی ماڵی خۆشەویستەکەی پێیان رادەگەیەنێو باسی رووداوەکەیان بۆ دەکات، کە چۆنو چی کردووە لەوکاتەی کۆچو کۆچباری ئەوانی بینیوە، ئەو رووداوە دڵ تەزێنە دەکاتە پەخشانێکی رێکو پێکو بەدەنگە سووتاوەکەی زرینگە لەگوێی زەمین دێنێ، لەو شوێنەی کە ماڵی (حەیران)ی، خۆی لێی دابەزی بوونو هەواریان لێی گواستۆتەوە قۆناغ بەقۆناغ، ناوچە بەناوچە گرد بەگرد پێیدا هەڵدەڵێ:

بەجوانو شۆخو شەنگی یارەکەی بەخانەدانێتی ماڵی باوکی، بەو رێو شوێنانەی کە لێی دادەبەزنو بارەکەن تا دەیانباتە هەواری نوێیان ماوە، ماوەیش وەفاداری خۆیو سەرنانەوەی لەرێگای ئەڤینەکەی باس دەکاتو داوا لەدڵدارەکەی خۆی دەکا کە وەکو ئەو لەسەر پەیمانو بڕیاری خۆی بێنێتەوە، تا لەکۆتاییدا سوێند بۆ یەکتر دەخۆن کە هیچێکیان دڵ نەگۆڕن تا بۆ یەکتر نەبن.

ئەگەر بێتۆ ئەم پەخشانە حەیرانەیش لەسەر زاری کیژۆڵەکە بێ ئەوە ئەویش هانا دەباتە بەر دەستە خشوکانو داوایان لێ دەکا کە سەرزەنشتی نەکەن بەڵکو داوای یارمەتیان لێ دەکاو کوڕەیش هان دەدا، بۆ ئەوەی بچێتە لای پیاوماقوڵانی گوندو ناوچەکەیان بۆدۆزینەوەی چارەسەرێك، بۆیە تا ئێستا ئەمجۆرە دڵداریە جێگای شانازی نەتەوەکەمانەو رۆڵە داوێن پاکەکانمان بوونەتە مۆرەو لەو رێگایەدا خۆیان سوتاندووە.

* ئەم بابەتە لەکتێبی (لاوکو حەیرانی....)ی نووسەر وەرگیراوە.

میدیا جاسم:
هەمیشە مکیاژ سادە بێت جوانە

میدیا جاسم، تەمەن ٣٥ ساڵ، زیاتر لە ١٣ ساڵ دەبێت خاوەنی ئارایشگای (میدیا)یە لەقەزای سۆران، خاوەنی چەند بڕوانامەیەکە لەبوارەکەی، یەکێکە لەو خانمانەی شارەزاییەکی باشی لەبواری ئارایشگاو مکیاژو رووخساری ئافرەتان هەیە، میدیا جاسم هەمیشە بەعەشقەوە دەژێتو بەجوانییەوە لەژیان دەڕوانێت. لەدەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان لێکردو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

چریکە مەخمووری - سۆران

*** ئافرەتی کورد تا چەند گرنگی بە مکیاژو جوانی روخساریان دەدەن؟**

- ئافرەتی کورد بەرێژەیەکی بەرچاو گرنگی بەجوانکاری خۆیان دەدەن، ئەمەش لەوەوە بەدەردەکەوێت کە هەموو بەشەکانیان دەگرێتەوە، وەك هەڵبژاردنی رەنگی قژو مکیاژو جۆرەکانی جلو بەرگی سەردەمیانەو ڕەنگیش بەلایانەوە گرنگە، ئێستاش زۆر بەدەگمەن ئافرەتانمان هەیە حەز بەقەڵەوی بکات بەشی هەرە زۆری حەز بەلاوازیو رێك پۆشی دەکەن، قەڵەوی کاریگەری خراپی هەیە وەك گرانی لەشی ئافرەتو تووشبوون بە جۆرەها نەخۆشیو هەروەها جوانی ئافرەت دادەپۆشیو ناسکی لەناو دەبات.

*** ئایا نەشتەرگەری جوانکاری کاریگەری خراپی هەیە؟**

- هەمیشە شتی باش نرخی باشی هەیە، پێموایە ئافرەتان بەقەد بەرەی خۆیان بێ رادەکێشن، بۆ نموونە زۆر ئافرەتی قەڵەو هەیە لەرووی مادییەوە حاڵی زۆرباش نییە ناتوانی نەشتەرگەری بکات ناچار هانا بۆ وەرزش یان رجیم دەبات. سەبارەت بەنەشتەرگەری جوانکاری ئەگەر نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت کاریگەری خراپی نابێت، ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئاسانکاری زۆر کراوە هیچ کێشەیەك نابێتە گرێ کوێرە، هەموو کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەکرێت.

*** ئایا پیاو سالاری رۆڵی هەیە بۆ جوان دەرخستنی جوانی ئافرەتان یان بەپێچەوانەوە؟**

- نەخێر پیاو سالاری رۆڵی خراپی نیە، بەپێچەوانەوە هەموو پیاوان حەز دەکەن ئافرەت جوان بێتو گرنگی بەجوانی خۆی بدات.

*** ئەی زیانەکانی مکیاژ چین؟**

- بەکارهێنانی مکیاژ لێزانیو ووریایی دەوێت (مارکەی) ئافرەت کاتێ مکیاژ دەکات دەبێ بزانێ ئایا جۆرەکەی باشە یان خراپ یاخود (تێکسپایەر) نەبووە؟ هەندێ مکیاژ لەکەمالیات یان لەسەر عارەبانەکان دەفرۆشرێت کاتی بەسەرچووە نابێت بەکاری بهێنین زۆر خراپە، نابێ مکیاژ زۆر بە پێستەوە بێنێت، پێویستە زوو بیشۆین یان شەوانە نابێ رووخسارمان بە مکیاژ بێت، بەڵام مکیاژی جۆری باش بەکارهێنانی ئلسلیو بەهیچ شێوەیەك کاریگەری خراپی نییە، بۆیە واچاکە کاتی لەدەوام یان ئاهەنگێك یان شوێنێك گەراینەوە ڕووخسارمان بە ئاوو سابون بشوێین باشترە.

*** ئایا دکتۆری پسپۆڕو شارەزامان هەیە لەم بوارە؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە لەهەموو شارەکانی کوردستان دکتۆری شارەزاو باشمان هەیەو دەتوانین سوودی لێ ببینین.

*** چی جۆرە مکیاژێك بەپەسند دەزانی بۆ شوێنە جیاجیاکانو وەرزەکان؟**

- هەمیشە مکیاژ سادە بێت جوانە، بەتایبەتی لەهاویندا مکیاژ دەبێت لەگەڵ رەنگی جلو ڕەنگی ئافرەتەکەش بگونجێ دەبێ بزانین چ رەنگێ لەگەڵ رەنگی خۆمان دەگونجێ هەڵبژێرینو مکیاژەکەش لەسەر ئەم رەنگە بگونجێ، هەر شوێنەو جۆرە مکیاژێکی دەوێت دەبێ کاتی دەوام یان سەردان یان بازاڕ مکیاژ سادە بێ، بەڵام بۆ ئاهەنگ کەمی تۆخ تر بێت.

*** هەندێ جار پێستی رووخسار وشك و پەڵەدار دەبێ یان لێو دەقڵێشێ هۆکارەکەی چیە؟**

- پێستی وشك یان قلیشانی لێو هۆکارەکەی نارەحەتی پێستەو دەبێ سەردانی دکتۆر بکرێت، بەڵام کون بوونی پێست هۆکارەکەی دەستکاری کردنی زیبکەیە، نابێت زۆر دەستکاری زیبکە بکەین.

*** ئامۆژگاریت چیە بۆ ئافرەتان؟**

- ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە هەمیشە پاکو خاوێن بن بۆ جەستەی خۆیانو ماڵو منداڵیان، ئەگەر رووداوەکەنە ئارایشگا با ئارایشگایەك هەڵبژێرن کە باشبێتو کارەکانی جوانبێت، لەهەمان کاتدا جوانی ئافرەت تەنها مکیاژ نیە، بەڵکو پاکو خاوێنیو ڕەنگو جۆری جلو بەکارهێنانی گوڵاو ڕۆڵی هەیە.

ناونیشانی چەند ماڵپەڕێکی کوردی

دەنگی مەخموور
بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی بەرفراوانەی لەبواری ئینتەرنێتو کۆمپیوتەر هاتۆتە کایەوە هەروەك دەبینین بەسەدان ماڵپەری کوردی هاتۆتە دامەزراندن، تادێت ژمارەی ماڵپەرە کوردییەکان روو لەزیادبوونە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین ناونیشانی چەند ماڵپەرێکی کوردیتان پێ بناسێنین. بەو هیوایەن سوودی لێ وەربگرن.

ئاژانسەکان
ئاژانسی پەیامنێر www.peyamner.com
ئاژانسی ئاکانیوز www.aknews.com
ئاژانسی دەنگەکانی عێراق ku.aswataliraq.info
ئاژانسی puk میدیا www.pukmedia.com/kurdish

رۆژنامەو گۆڤارەکان
گۆڤاری گوڵان www.gulan-media.com
رۆژنامەی خەبات www.xebat.net
رۆژنامەی میدیا www.yndk.com
رۆژنامەی هاوڵاتی www.hawlati.info/Kurdish
ستاندەر www.standardkurd.net
رۆژنامەی رووداو www.rudaw.net
ماڵپەری تایبەت بە مەخموور **بەختیار پاڵانی** www.palany.kurdblogger.com
مەخموور پرێس www.mexmurpress.com
پەروەردەی مەخموور berewxor.com
تەبایی tabayi.kurdblogger.com
سەنتەری قەرەچووغ azadiqerechux.kurdblogger.com
مەخموور www.makhmur.net
ماڵپەری جۆراو جۆر
کوردستان ئۆنلاین www.kurdistanonline.net
حکومەتی هەرێمی کوردستان www.krg.org
سی فۆرد کورد www.c4kurd.com
کورد لاند ku.kurdland.com
کوردستان نیت www.kurdistannet.info
روونـاکی www.runaki.net
ماڵپەری چاك www.kurdocide.com
جەبار شێخانی www.jebar.info
جیهانی گۆرانی کوردی www.worldmusic.cn
سیروان نیت www.serwan.net

چاتە کورددییەکان
کورد تۆك www.kurdtalk.com
ئی کورد www.ekurd.net
بەکرەجۆ www.bakrajo

تەلەفزیۆنەکان
زاگرۆس تی ڤی www.zagroz.tv
کەی ئێن ئێن تی ڤی www.knntv.net
کورد یەك تی ڤی www.kurd1.com
کوردستان تی ڤی www.kurdistantv.net
کۆمەڵە تی ڤی www.tvkomala.com
کورد سات تی ڤی www.kurdsat.tv
نەورۆز تی ڤی www.newroz.tv
رۆژ تی ڤی www.roj.tv
ڤین تی ڤی www.vintv.net

گەشتێك بەنێو هۆزو عەشیرەتەکاندا

عەباس سلێمان سمایل

زمارە: زمارە بریتیە لە سێ گوند هەرسێکیان سەر بەناحیەی گوێژن. ناوی (زمارە)ش لە وشەی (زەم= کانیاو) هاتووە. زمارە لەم سێ گوندە پێکدێت:

١ - زمارەی گەورە: دانیشتوانەکەی بریتیە لە دوو هۆز، ئەویش هۆزی (تاکۆ)و هۆزی (مەموندی)یە.

٢ - زمارەی مەرزان: دانیشتوانی ئەم گوندە، زۆربەیان لەهۆزی (مەرزان)نن.

٣ - زمارەی عەولا: ئەم گوندە لەساڵی ١٨٢٠ یەکێك بەناوی عەبدولا ئاوەدانی کردۆتەوە. دانیشتوانی ئەم گوندە زۆربەیان لەهۆزی (تایی) عەرەبن، ئەویتریش هۆزی جۆراوجۆری کوردن.

گوندێکی تریش هەیە، بەناوی زمارەی جاسمو هەموویان (عەرەب)نو، لەهۆزی تایی‌و سمبس پێکهاتوون.

ماجیداوە: گوندێکە سەر بەناحیەی گوێر بەشێکی کوردن لەهۆزی جۆراوجۆر، بەشەکەی تریش هۆزی (نەجاجیرن). ئەم هۆزە کاتی خۆی لە جەزایرەوە هاتوون، بەڵام بەرە بەرە زمانیان بەرەو زمانی کوردی دەڕۆیشتو زیاتر جلکی کورددییان لەبەر دەکردو زێتریش بەکوردی قسەیان دەکرد.

دەڵێن ئەم هۆزە لەزەمانی هەرەکۆن (بەندە) بووینەو خەلیفەکان ئەوانەیان بەپارە کڕیوەو لەبنەڕەتیشا عەرەب نینە، دوای ساڵانی ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆریان خۆیان بەعەشیرەتی (تەی) ناونووس کرد، هەندێکیشیان سوێندیان خوارد جلی کوردی فرێنەدەنو واز لە زمانی کوردی نەهێنن.

زوورگەزراو: زورگەزراو ناوی ریزە گردێکە، کەندێناوەو ملکیە لێك جودا دەکاتەوە ئەم ناوە ئەگەر لەزورگی زراو چوون (توقان) نەهاتبێت ئەوا لە (زورگ زراڤ = زورگی باریك) هاتووە، ناوێکی کرمانجی باکوورە، چونکە بەر لە ٢٥٠ ساڵ زوورگەزراو لەوەڕگاو هەواری ئێزدیان بووە، دوای ئەوەی ژمارەی مەڕداراني هۆزی بلباس لەم ناوچەیە زیاد دەبێتو دەبێتە کێشەو ناخۆشیان، لەتێکهەڵچونێکیان دا پاڵەوانی بلباس بەناوی کانەبی لەشەڕێکی تەن بە تەن دا دەتوانێ (نەعمان)ی پاڵەوانی ئێزدی بکوژێتو ئینجا ئێزدی زوورگەزراو بەجێدێڵن بەرەو هەنجیرۆك (کەلەك) ڕەودەکەنو لەوێش پاشای کۆرە داغان داغیان دەکات، بەم جۆرە زوورگەزراو دەستی بەسەر دادەگیرێت لەلایەن هۆزی بلباسەوە.

هێڵەوە: ناوی گوندێکی هورمزیار نشینە، کاتی خۆی کێخوا رەحمان ئاوەدانی کردۆتەوە، ئەم ناوەش لە هێراوا هاتووە، (هێر واتای شەڕ دەگەیەنێت، هەروەك دەڵێن سەری هێرانە بەکەسێك دەگوترێت حەزی لە گۆنگەر نانەوەو گێچەر گێران بێت.

کاوڕ: لەلایەنی سۆزو خۆشەویستیەوە بەئاشکرایی‌و بەبێ پەردە بەو کەسەی دڵت بلێ کە ماوەیەکە لەدڵت پیرۆزبووە خۆشەویستەکەت دەرفەتێکت پێ دەدات تۆش ئەو دەرفەتە لەکیس خۆت مەدەو هەوڵ بدە بەیەگ بگەنو بکەونەگفتوگۆ.

گا: رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان لەدەست خۆتەو دەتوانیت لەگەڵ کەسی خۆشەویستت بەسەر گشت کۆسپەکان زاڵ بەن، کارەگرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە، بەرەشبینی سەیری داهاتوت مەکە.

جمك: کارێکی چاکت ئەنجامداوە کە هەڵە سۆزدارییەکانت چارەسەرکرد، ئەمەش بۆ داهاتووی تۆو ئەو کەسە باشتر دەبێت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام کەس وەك تۆ ناکات. کاتێکی، گەشبینیت وات لێ دەکات کەسایەتی بەهێزت هەبێت.

قرژاڵ: ئەگەر کەسێك بێزارت دەکات پێویستە رووبەڕووی ببیتەوەو ئەوەك لەدوورەوە ڕقت بۆی هەبێ، ئەم کارانەی ئێستا ئەنجامی دەدەیت بەرەو ئەنجامێکی گەورە دەچێت، دڵتەنگ مەبە بەکارەکانی رابردووت.

شێر: کارێکی گرنگت پێ سپێردراوەو دەبێ لەوماوەیە جێبەجێ بکەیت، نابێ دڵتەنگ بی چونکە بەئاسانی جێبەجێ دەبێت، دەبێ کۆنترۆڵی ژیانت بکەیتو کارەکانی خۆت بخە سەر ئەستۆی خۆت.

گوڵەگەنم: رێگەیەکی ئاسان بدۆزەرەوە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت. لەکاروپیشەکەت دۆستو دوژمنت هەیە بەهیچیان نیگەران مەبە ئەوکاتەی دڵت شادە چاوت کراوە دەبێت، کاتێك کارێك دەکەیت بیری لێبکەرەوە.

تەرازوو: ئەنجامی کارەکانت بەرەو کەسایەتیەکی گەورەت دەباتو بتوانە دڵی کەس لەخۆتەوە دڵگیر نەکەیت، رێگەی نێستات قورسەو مەهێڵە کەسێك بەشداری نهێنیەکانت بکات، شێوازی خۆت مەگۆڕە بۆ ئەوەی سەربکەویت.

دووپشك: هێزو تواناکانت بپارێزە چونکە ئەم ماوەیە تووشی کارێکی سەخت دەبیت، کەسیکی نزیکت لەگەڵی دەژی، بەڵام هەست بەئاسوودەیی ناکەی لەگەڵی واچاکە لێ دووربکەویەوە، ئەمرۆت لەدوێنێ باشترە.

کەوان: خۆشەویستەکەت دەرفەتێکت پێ دەدات تۆش ئەو دەرفەتە لەکیس خۆت مەدەوهەوڵ بدە لەیەگ بگەنو بکەونەگفتوگۆ، ئاگاداری باری تەندروستی خۆت بە، خۆت لەگرفتەکانت دوورمەکەوە بەڵکو هەوڵی چارەسەریان بدە.

گیسك: لەگەڵ دڵی خۆشەویستت یاری مەکە چونکە بۆ یاری کردن نییە، لەگەڵ ئەوەی لەگشت لایەنێك چاکی بەڵام بەخراپە باست دەکرێت، بیر لەکاری تازەو داهاتووی گەشبین بکەرەوە نەوەك لەگەڵ کارە ناخۆشەکانەوە هەنگاو بنێت.

گۆزە: لەم ناخۆشیەی نێوان خۆتو ئەو کەسە بۆ بەرژەوەندی تۆوە دەبێتو ئەو پەشیمان دەبێتەوە، تۆ کەسێکی بەسۆزیو لەگەڵ گشت کەسێك قبوڵ دەکەی تەنانەت ئەوەی هەڵەش بکات بەرامبەرت، دەبێت بۆچوونی کەسانی دەوروبەرت قبول بێت.

نەهەنگ: ئەوەندە لەچاوەروانیدا مەژی بەڵکو هەوڵی خۆت بۆ هەرکارێکت باشترەو زیاتر متمانەت پێ دەبەخشیت، هەموو هەوڵێکت بۆ ئەوەنەبێت کەزۆرترین سەرمایە بەدەست بهێنی، ئەوکەسەی تۆخۆشتدەوێ لەوماوەیە چاوت پێی دەکەوێ.

سەمیر بابۆ (راهێنەری یانەی وەرزشی هەولێر):

ئاستی هونەری خولەکانی کوردستان وەکو پێویست نییە

عەبدولرەحمان ئادەم

سەمیر بابۆ یەکێك بوو لەیاریزانە دیارەکانی شاری هەولێرو یانەی هوەرزشی هەولێر بەتایبەتی، ئەو ئێستا راهێنەری وەرزشی یانەی هەولێرە، سەمیر بابۆ لەساڵی ١٩٧٥ لەشارۆچکەی مێرگەسۆر لەدایکبووە، خێزانداریەو یەك منداڵی هەیە بەناوی (تاقی)، بۆ قسە کردن دەربارەی چەند باسێکی تایبەت بەیانەی هەولێرو خولی کوردستانو عێراق (دەنگی مەخموور) بەپێویستی زانی ئەم راهێنەرە بەسەر بکاتەوە.

*** سەرەتای دەستپێکردنی کاروانی وەرزشیت چۆن بوو؟**

- سەرەتا وەك یاریزانێك لە تیپە میللیەکان یاریم کردووە، لەساڵی ١٩٩٢ لەهەڵبژاردەی تازە پێگەیشتووانی هەولێر وەرگیرامو، لەساڵی ١٩٩٣ دەست نیشان کرام بۆ ریزی لاوانی یانەی هەولێر تاوەکو ساڵی ٢٠٠٦ لەیاریکردن بەردەوام بووم، دوای ئەو قۆناخە لەساڵی ٢٠٠٩ وەك راهێنەری یانەی هەولێر بۆ خولی کوردستان دەست نیشانکرام.

*** ئەگەر باسێکی دەستکەوتە وەرزشییەکانی خۆتمان بۆبکەی؟**

- لەماوەی ساڵانی یاریکردنم وەکو یاریزان چەندین دەستکەوتی جۆراوجۆرم بەدەست هێناوە یەتایبەت لەگەڵ یانەی وەرزشی هەولێر، لەوانە پلەی یەکەمی باکووری عێراق لەسەر ئاستی لاوان، دوو ساڵ نازناوی خولی کوردستانو هەروەها پلەی سێیەمی خولی نایابی عێراقو پلەی یەکەمی خولی عێراق لەسەر ئاستی یانە پلە یەکەکان. وەکو راهێنەریش لەگەڵ تیپی تازە پێگەیشتووانی هەولێر پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە، هەروەها پلەی یەکەمی خولی کوردستان. هەروەها وەك راهێنەری لاوانی یانەی هەولێر پلەی یەکەمی یانەکانمان بەدەستهێناوە لەخولی کوردستان.

*** هاتنی یاریزانی هاوردە بۆیانەکانی کوردستان پێت چۆنە؟**

- دەتوانم بڵێم کەوا یاریزانی هاوردە سوود بەتیپەکان دەگەیەنێت، بەڵام دەکەوێتە سەر سکە، بەڵام ئاستی هونەری هێشتا وەك پێویست نییە، هیوادارم بەرەو پێش هەنگاو بنێت.

*** یانەی هەولێر لەخولی کوردستان ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە؟**

- راستە چەند ساڵێکە ئەنجامی وەکو پێویست نییە، بەڵام بەرنامە هەیە ئەمساڵو ساڵانی ئایندە ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنێ، ئەو بەرنامەیەی دانراوە هەست دەکەین بەرەو پێشەوە دەمانبات، بەڵام بەدەستهێنانی ئەنجامی باش پێویستی بە زیاتر خۆماندووکردن هەیە.

*** هەڵپەساندنی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاریگەری بەسەر کوردستانەوە دەبێت؟**

- بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی تۆپی پێ بەگشتیو یانەی هەولێر بەتایبەتی.

بەدەستهێنانی ئەنجامی باش پێویستی بە خۆماندووکردنی زیاتر هەیە

نابێت بەم ریژە زۆرە بێت چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانی لاو لەتیپەکان.

*** ئاستی تۆپی پێی لەکوردستان تاچەند پێشکەوتووە؟**

- دیارە بەهۆی ئەنجامدانی سەرجەم خولانەکانی کوردستانو بایەخ پێدانێکی زۆر، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەئاستێکی خوازراو نییە!.

*** ئەی سەبارەت بە خولی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- گومانی تێدانییە خولی کوردستان لەسەر ئاستی رێکخستنی خەریکە

هەواڵە وەرزشییەکان

ئا/ عەبدولرەحمان ئادەم

گوڵستان مەحموود بەباشترین وەرزشکاری عێراق دەستنیشانکرا

کچە یاریزانی گۆڕەپانو مەیدانی کورد خاتوو (گوڵستان مەحموود) بە باشترین وەرزشکاری ساڵی ٢٠٠٩ دەستنیشان کرا. ئەمەش دوای ئەوەی کە یاریزانی ناوبراو لەساڵانی رابردوو بەتایبەت ساڵی ٢٠٠٩ لەچەندین پاڵەوانێتی نێودەولەتی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

دوورخستنەوەی یانەی هەولێرو نەجەف لە پاڵەوانێتی یەکێتی ئاسیا

دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دابووی بە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بۆ پاشگەزبوونەوەی لەبڕیاری هەلوەشاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئەوەبوو هەردوو یانەی هەولێرو نەجەف لەپاڵەوانێتی یەکێتی ئاسیا دوورخرایەوە.

جێرارد بەرەو ئینتەرمیلان

بەپێی هەواڵی رۆژنامەی (توتۆ سپۆرت)ی ئیتاڵیایی، یانەی ئینتەرمیلان لەهەوڵی گواستنەوەی کاپتنی یانەی لیڤەرپوولە بۆ وەرزی داهاتوو، پێدەچێ یاریزان (ستیڤن جێرارد) بچێتە ریزی یانەی ئینتەرمیلانەوە.

کاسیاس باشترین گۆڵی ٢٠٠٩

گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیاو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی (ئیکەر کاسیاس) لەلایەن یەکێتی نێودەولەتی بۆ مێژوو و ئاماری تۆپی پێ بەباشترین گۆڵچیی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەست نیشانکرا.

هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق لە پلەی ٨٨ی ریزبەندی (فیفا) دایە

هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق، توانی پارێزگاری لەپلەی ٨٨ی ریزبەندی جیهانی خۆی بکات کە بۆ مانگی کانونی یەکەم لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)وە ئامادەکراوە.

بەپێی ئەو لیستەی کە لەماڵپەڕی فەرمی (فیفا)دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە "هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق توانی لەو لیستەی (فیفا) کە بۆ مانگی کانونی یەکەم ئامادەکراوە، پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات لەکۆی ٢٠٨ هەڵبژاردەدا بەکۆکردنەوەی ٣٦٤ خاڵ لە پلەی ٨٨ی ریزبەندی جیهانیدایە کە هەمان پلەی مانگی پێشووە". لەسەر ئاستی ئاسیادا هەڵبژاردەی عێراق لەپلەی ١١دا دێت، لەدوای هەڵبژاردەکانی ئوسترالیاو کۆریای باشوورو بەحرەینو سعودیەو ئێرانو ئۆزبەکستانو عومانو قەتەرو کۆریای باکوور. هەروەها لەسەر ئاستی هەڵبژاردە عەرەبەکاندا لەپلەی نۆیەم دێت لەدوای هەڵبژاردەکانی میسرو جەزائیرو تونسو بەحرەینو سعودیەو مەغریبو عومانو قەتەر. لەمبارەیەوە (فیفا) پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنی ئەو یارییانەی کە هەڵبژاردەکان ئەنجامیدەدن، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر هەڵبژاردەیەك لەمیانی ئەو مانگەدا هیچ یارییەك ئەنجام نەدات، ئەوا بەپێی ئەو میکانیزمەی کە دانراوە دادەبەزێت". هەروەها پشت دەبەستیت بەو یارییانەی کە لەسەر ئاستەکانی (هەرێمایەتیو کیشوەریو نێودەوڵەتی)دا ئەنجامی دەدات، بەهەمان شێوە یارییە دۆستانییە نێودەوڵەتییەکانیش.

هەڵبژاردەی عێراق لەمێژوودا باشترین پلە ریزبەندی خۆی لەیەکەم ریزبەندی فیفا لەساڵی ١٩٩٣ بووە، کاتێك کە توانی بگاتە پلەی ٥٧، لەوکاتەشدا ئەنجامی یارییەکان بۆ ماوەی ١٠ ساڵی رابردوو هەژمارکران.

مێژووی دروستبوونی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی

لاپەرەی وەرزش

یانەی بەرشلۆنە سەدساڵی تەواوە دامەزراوە، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٩٩ لەسەردەست بازرگانێکی ئیسپانی بەناوی (هانز گامبر) لەبەرواری ٢٩ تشرینی دووەمی ١٨٩٩ دروستبوو. لەساڵی ١٩١٠ بڕیاردرا لەسەر سازکردنی پێشبڕکێ بۆ دیزاینکردنیو دانانی هێمایەك بۆ یانەی کەتۆلۆنیا، لەکۆتاییدا ئەم هێمایەی ئەمڕۆ لەسەر درێسی فانیلەی یانەکە هەیە دانراوە.

یەکەم پاڵەوانێتی کەیانەی بەرشلۆنە بەشداریکردو توانی پاڵەوانیەتیەکە بەدەست بێنی ئەویش پاڵەوانێتی (کوبا ماکایا) بوو لەساڵی (١٩٠١-١٩٠٢)دا. یەکەم یاری بەرشلۆنە بەرامبەر یانەی (بۆنا نوفا)ی ئینگلیزی بوو کەیانەی (تۆرۆ)ی ئێستایە، ئەو کات باشترین یاریزانانی ئینگلیزی لەخۆگرتبوو هەر بۆیەش ئەنجامی یاریەکە (١-٠) لەبەرژەوەندی یانە ئینگلیزیەکە تەواو بوو. سەبارەت بە یاریگای بەرشلۆنەش دوای ئەوەی (فرانشیسکۆ میرۆسانس) بوە سەرۆکی یانەکە یەکەم هەوڵی دروستکردنی یاریگای (ئالۆ گامپ)بوو ئەویش لە رۆژی ١٩٥٧/٩/٢٤ کە جێگای ٩٠ هەزاری جەماوەر دەبوەوە.

سەردەمی زێڕین :

هەموو یانەیەك سەردەمی زێرینی خۆی هەیە، یانەی بەرشەی ئیسپانی ماوەی نێوان ساڵەکانی (١٩١٩-١٩٢٩) بەسەردەمی زێرینی ئەو یانەیە ناسراوە کە توانی هەریەك لە یاریزانان (سامتیر، ئالیس، زامۆرا، نتارا، ساگی، سانشۆ) بهێنێتە ریزی یانەکەو توانی ببێتە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا لەساڵی (١٩٢٤-١٩٢٥)، (١٩٢٥-١٩٢٦)، (١٩٢٧-١٩٢٨).

گەورەترین دەستکەوت:

یەکەم پاڵەوانێتیو دەستکەوتی گەورەی ئەوروپی بۆ یانەی بەرشلۆنە لە ١٩٩٢/٨/٢٠ بوو کاتێك لەناو یاریگای ویمبلی لەجامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرانبەر یانەی سامبدۆریای ئیتالیا بە ئەنجامی (١-سفر) بباتەوە گۆڵەکەش لەلایەن یاریزان رۆنالدۆ تۆمارکرا.

ئەمساڵیش لە وەرزی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ بەئاست بەرزی یاریزانەکانی وەکو (لیۆنێل میسی ئەرجەنتینیو ئەنیستای ئیسپانیو تێری هێنری فەرەنسیو ساموێل ئیتۆو پیۆلی کاپتنو چەندانی تر توانیان ٣ خول بەدەست بێنێت ئەوانیش (خولی ئیسپانیاو شای ئیسپانیاو خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا).

شایەنی باسە لە کوردستانی خۆشەویستیش یانەی بەرشلۆنە جەماوەرێکی زۆری هەیەو لەشارۆچکەی مەخموور بەتایبەتی جەماوەرو هاندەرانی ئەم یانەیە روو لەزیاد بوونە بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی ئەو یانەیە نیشانی دەدات هەروەك ئێستا زۆرێك لەباشترین یاریزانانی جیهان لەریزی ئەو یانەیە یاری دەکەن لەوانە (لیۆنێل میسیو کاکاو کریستیانۆ رۆنالدۆو چەندین یاریزانی دیکە..).

سەمیر بابۆ (راهێنەری یانەی وەرزشی هەولێر):

ئاستی هونەری خولەکانی کوردستان وەکو پێویست نییە

عەبدولرەحمان ئادەم

سەمیر بابۆ یەکێك بوو لەیاریزانە دیارەکانی شاری هەولێرو یانەی هوەرزشی هەولێر بەتایبەتی، ئەو ئێستا راهێنەری وەرزشی یانەی هەولێرە، سەمیر بابۆ لەساڵی ١٩٧٥ لەشارۆچکەی مێرگەسۆر لەدایکبووە، خێزانداریەو یەك منداڵی هەیە بەناوی (تاقی)، بۆ قسە کردن دەربارەی چەند باسێکی تایبەت بەیانەی هەولێرو خولی کوردستانو عێراق (دەنگی مەخموور) بەپێویستی زانی ئەم راهێنەرە بەسەر بکاتەوە.

*** سەرەتای دەستپێکردنی کاروانی وەرزشیت چۆن بوو؟**

- سەرەتا وەك یاریزانێك لە تیپە میللیەکان یاریم کردووە، لەساڵی ١٩٩٢ لەهەڵبژاردەی تازە پێگەیشتووانی هەولێر وەرگیرامو، لەساڵی ١٩٩٣ دەست نیشان کرام بۆ ریزی لاوانی یانەی هەولێر تاوەکو ساڵی ٢٠٠٦ لەیاریکردن بەردەوام بووم، دوای ئەو قۆناخە لەساڵی ٢٠٠٩ وەك راهێنەری یانەی هەولێر بۆ خولی کوردستان دەست نیشانکرام.

*** ئەگەر باسێکی دەستکەوتە وەرزشییەکانی خۆتمان بۆبکەی؟**

- لەماوەی ساڵانی یاریکردنم وەکو یاریزان چەندین دەستکەوتی جۆراوجۆرم بەدەست هێناوە یەتایبەت لەگەڵ یانەی وەرزشی هەولێر، لەوانە پلەی یەکەمی باکووری عێراق لەسەر ئاستی لاوان، دوو ساڵ نازناوی خولی کوردستانو هەروەها پلەی سێیەمی خولی نایابی عێراقو پلەی یەکەمی خولی عێراق لەسەر ئاستی یانە پلە یەکەکان. وەکو راهێنەریش لەگەڵ تیپی تازە پێگەیشتووانی هەولێر پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە، هەروەها پلەی یەکەمی خولی کوردستان. هەروەها وەك راهێنەری لاوانی یانەی هەولێر پلەی یەکەمی یانەکانمان بەدەستهێناوە لەخولی کوردستان.

*** هاتنی یاریزانی هاوردە بۆیانەکانی کوردستان پێت چۆنە؟**

- دەتوانم بڵێم کەوا یاریزانی هاوردە سوود بەتیپەکان دەگەیەنێت، بەڵام دەکەوێتە سەر سکە، بەڵام ئاستی هونەری هێشتا وەك پێویست نییە، هیوادارم بەرەو پێش هەنگاو بنێت.

*** یانەی هەولێر لەخولی کوردستان ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە؟**

- راستە چەند ساڵێکە ئەنجامی وەکو پێویست نییە، بەڵام بەرنامە هەیە ئەمساڵو ساڵانی ئایندە ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنێ، ئەو بەرنامەیەی دانراوە هەست دەکەین بەرەو پێشەوە دەمانبات، بەڵام بەدەستهێنانی ئەنجامی باش پێویستی بە زیاتر خۆماندووکردن هەیە.

*** هەڵپەساندنی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاریگەری بەسەر کوردستانەوە دەبێت؟**

- بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی تۆپی پێ بەگشتیو یانەی هەولێر بەتایبەتی.

بەدەستهێنانی ئەنجامی باش پێویستی بە خۆماندووکردنی زیاتر هەیە

یاریزانی لاوی تۆپی باله (سازگار عومەر):

مەخموور پێویستی بەراهێنەری تۆپی باله هەیە

عەڵمەت فاخیر

یاریزانی لاوی تۆپی بالە "سازگار عومەر ساڵح" یەکێکە لەیاریزانە باشەکانی مەخموورو بەردەوام لەناو گۆڕەپانەکانی یاری تۆپی بالە بەهۆی باڵابەرزیەکەیەوە دەبینرێت، سازگار لەساڵی ١٩٨٣ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە، هەر لەمنداڵیەوە چووەتە نێو دونیای وەرزش.

لەساڵی ١٩٩٥دەستی کردووە بەیاری تۆپی بالە، حەزو خولیای سازگار تەنها تۆپی بالەیە، لەساڵی ٢٠٠٠ بەتەواوی فێری یاری بالە بووە. لەوەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بەوەی ئاخۆ هیچ جار خەڵات کراوە سازگار دەڵێت "لەزۆربەی خولەکان بەشداری دەکەمو خەڵاتیش کراوم، بەڵام لەیەکێك لە خولەکانی شارۆچکەی مەخموور کرایەوە توانیم خەڵاتی باشترین یاریزان بەدەست بێنم، هەروەها لەخولێکی دیکەش کە لە ناحیەی دیبەگە بەرێوەچوو توانیمان پلەی یەکەم بەدەست بێنین.

سازگار عومەر جگە لەیاری بالە بەهەمان شێوە چەند یاریەکی دیکەش ئەنجام دەدات هەروەك گوتی "زۆربەی یارییەکان دەزانمو ئەنجامی دەدەم جگە لەتۆپی باله ئەوان لەیاری تۆپی پێو تۆپی دەستو تۆپی سەبەتەش بەشداری دەکەم"، بەڵام گرنگترین یاریو خۆشترین یاری لای سازگار تەنیا یاری تۆپی بالەیە.

دەربارەی ئەو خولانەی سازگار تێیدا بەشداری کردووە دەڵێت "لەزۆربەی خولەکان بەشداریم کردووە دەتوانم بڵێم زیاتر لە ١٢ خولی جۆراو جۆر بەشداریم کردووە، لەوانە لەخولی هەڵبژاردنی یانەکان بۆ دیاریکردنی پلە یەکەو پلە دووەکان کەلەشاری هەولێر بەرێوەچوو، هەروەك لەزۆربەی خولەکان پلەی دووەمو سێیەمان بەدەست هێناوە".

یەکێك لەگرفتەکانی تۆپی بالە لە مەخموورو دەوروبەری ئەویش کێشەی نەبوونی راهێنەرە سەبارەت بەمەش سازگار دەڵێت "تاکو ئێستا هیچ راهێنەرم نەبووە، بەڵام زۆربەی هاوڕێکانم هاوکاریان کردووەمو زۆر سوپاسی یاریزان بەختیار پالانی دەکەم کە زۆر هاوکاری کردوومە، هەروەها سوپاسی مامۆستا هەوراز دەکەم ئەویش زۆر بەهەمان شێوە پاڵپشتی کردووم". سەبارەت بەنەبوونی راهێنەر لەشارۆچکەی مەخموور دەڵێت "بەوهیوایەم راهێنەرم بۆدابنێن چونکە بەراستی پێویستیمان بەراهێنەر هەیە". دەربارەی ئەوەی ئاخۆ هیچ لایەنێك هاوکاری ئەو یاریزانەو یاری تۆپی بالەیان کردووە ئەو دەڵێت "بەراستی تاکو ئێستا کەس هاوکاری ئێمەی نەکردووە هاوکاری نیە بڕواناکەم کەس هاوکاریمان بکات، ئەگەر هاوکاریمان بکەن ئێمەش وەکو خەباتو بنەسلاۆە دەمانتوانی لە هەموو خولەکان بەشداری بکەین لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام بەداخەوە کەس هاوکاری ئێمە ناکات!، لەکۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەکماندا سازگار عومەر باسی لەوە کرد کە لە ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠٠٦ یاریزانو راهێنەر بەختیار پالانی زۆرهاوکاری کردووە هەروەك گوتی " لەسەر دەستی ئەو توانیم ببم بە یاریزانێکی باشی تۆپی بالەو زۆر شانازی پێوەدەکەم".

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پالانی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور